

# به ئامادەبوونی لیدەری حزب ڕێبوار ئەحمەدو هەیئەتێك لە ڕابەری حزب، چوارەمین کۆنفرانسی سالآنەی ڕێکخراوی نەرویج بەڕێوە چوو




ڕۆژانی 14و2004 /08/15 ڕێکخراوی نەرویجی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە ئامادەبوونی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حزب‌و هاوڕێیان فارس مەحمود بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە خەسرەو سایە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی وە بە بەشداری نزیکەی 100 کەس لە ئەندامان‌و دۆستانی حزب‌و میوانان، چوارەمین کۆنفرانسی سالآنەی خۆی بەست. سەرەتا کۆنفرانس بە سروودی ئینتەرناسیۆنال‌و دەقیقەیەك وەستان بە بێ دەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی ڕابەری گەورەی کۆمۆنیزمی کریکاری هاورێ منصور حکمت‌و هاوڕێیانی گیان بەختکردووی ڕێگای ئازادی‌و سۆسیالیزم، دەستی پێ کرد. کۆنفرانس دوای خوێندنەوەی لیستی ئەندامانی ئامادەبوو، وە ڕەسمیەت وەرگرتنی کۆنفرانس، وە دوای خوێندنەوەی چەندین پەیام کە لەلایەن چەندین ئەحزاب و ڕێکخراوی نەرویجی یەوە ئاڕاستەی کۆنفرانس کرابوو، هاوڕێ علی کرماشانی پەیامی کۆمیتەی نەرویجی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانی پێشکەش کرد.



یەکەمین ڕۆژ بە باسێکی لیدەری حزب بە ناوی "ئالوگۆرە تازەکانی عێراق‌و پێویستی‌و ئیمکانیەتی جیابوونەوەی کوردستان" بەڕێوەچوو. لیدەری حزب لە باسەکەیدا ڕوونی کردەوە کە ئاڵوگۆرە تازەکانی عێراق‌و نەخشەو هەنگاوەکانی ئەمریکاو بەرەی ڕاستی کۆمەلگا، هەل‌ومەرجێکیان پیکهیناوە کە بوار بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە کە خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق‌و ئەم هەل‌ومەرجەدا بە ئاوات‌و ئامانجەکانیان بگەن، بۆیە ڕێگای موناسب‌و گونجاو و کارساز ئەوەیە کە کوردستان جیابێتەوەو دەولەتیکی سەربەخۆی تێدا بەرپابێت. دەوڵەتیك کە لەسەر بنەمای ئینسانی نەك پێناسەی قەومی، واتە دەوڵەتێکی غەیرە قەومی غەیرە دینی. ئەمەو ئەوەی نیشان دا کە بە جیاواز لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد کە هەرگیز ئیرادەی خەڵکیان بۆ گرنگ نەبووە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەسەر ئەو بنەمایە کار ئەکات کە بگەڕێتەوە بۆ ئیرادەو بڕیاری خەڵك خۆی سەبارەت بە ئایندەیان. وە پێویستە ئیتر خەڵك ئەو حزبانەی



بزووتنەوەی کوردایەتی تێپەڕێنن‌و بێن لە سەنگەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دا بن. دواتر وەڵامی بە قسەو باس‌و پرسیارەکانی ئامادەبووان دایەوە.




ڕۆژی دووەم ڕاپۆرتی دەورەی پێشووی کارەکان لە لایەن کامل ئەحمەدەوە پێشکەش کراو ئامادەبووانیش قسەو باسیان سەبارەت بە کەم‌و کوڕی‌و پێشڕەوی‌یەکان کرد. شایانی ووتنە کە کۆنفرانس تەقدیری خۆی بۆ هەموو هاوڕێیانی کۆمیتەی پێشوو وە بە تایبەت







کامل ئەحمەد نیشان دا بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی کارەکانی دەورەی پێشوو.

باسێکی تر سەبارەت بە ئەولەویەتەکانی دەورەی داهاتووی کاری ڕێکخراوی نەرویجی حزب بوو کە لە لایەن هاوڕێ فارس مەحمودەوە پێشکەش کرا. فارس محمود لە باسەکەیدا چەندین ئەولەویاتی خستە بەردەمی ڕێکخراوی نەرویج لەوانە نوێنەرایەتی کردنی خەبات وناڕەزایەتیەکانی خەڵکی عێراق و پێویستی کارکردن لەسەر جیابوونەوەی کوردستان و کۆمەکی مادی و مەعنەوی بە حیزب و جموجوڵی جەماوەری لە عێراق و فەرزکردنی پاشەکشە بەسەر سیاسەتی دەوڵەتە ئەوروپییەکان لە بەرامبەر پەنابەرانی عێراقی و کارکردن لەگەڵ سەرجەم هێزە جیهانیەکان بۆ کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق.

لە برگەیەکی تری کۆنفرانسدا، چەند بڕیارو پێشنیارێك خرانە بەردەم کۆمیتەی داهاتوو. وە ئامادەبووانی کۆنفرانس بە شۆڕو شەوقێکی بەتینەوە کۆمیتەی تازەیان هەڵبژاردو کۆتایی بە کۆنفرانس هات.

کۆمیتەی تازە پێك هاتووە لە 14 کەس:

کامل ئەحمەد، صباح راجی، بەهار مونزیر، جمال محسن، بەناز حمەفەرج، شیرین محسن، پەیمان غریب، شیروان ئیبراهیم، عمر ئەحمەد، بەهنام محمد، سەرکەوت ئەمین، جبار محسن، ئەنوەر نوری وە حسن ئەحمەد.

دواتریش کۆمیتەی هەڵبژێردراو بە تێکڕای دەنگ کامل ئەحمەدی وەك سکرتێری کۆمیتە دیاری کرد.

**کۆمیتەی نەرویجی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2004/08/17